# پاداشت



فازیل شەوڕۆ

( دەستێک )
لە نێو درزی گابەردێکی  بناری شاخ ،
عاسی ببوو
باڵدار نەما     ،
ئەو هاواری لە بۆ نەبا
هەور نەما    ،
بانگی نەکا
ڕێبوار نەما      ،
جەمەدانی خوێناوی خۆی بۆ هەڵنەدا   ،
بەڵام ئەفسووس
نەبوو دەستی خواناسێ ،
یا گاورێ     ،
تاوێ دەستی
ئەو دەستە زامدارە بگرێ
تا پەپوولەی سپی ( رووحی)
بۆ تۆقەڵەی ئاسمان فری
ئەو هەر چاوی
لەو مەچەکە ئازایە بو

سالآنێکی  دوورو درێژ  ،
به یەکەوە
بۆ کۆتری شاخەکانا ئێشکچی بوون
به یەکەوە
بۆ ئازادی شارەکانا  –  ئارپیچی  –  بوون.....

*                    *                    *

( مەچەکێکی )  قووتکراوی
کەمئەندامێکی سمێڵ رەش  ،
لە مەیدانی  ( شێخەڵڵا )دا ،
خەمبارانە
بەشەرمەوە
به چاو دەیگووت
"موسڵمانان ......خێرێ بکەن    ،

ئەم کوورسییە چەرخەدارەم
بۆ پاڵبدەن"
بەڵام ئەفسووس
نەبوو دەستی خواناسێ ،  یان گاورێ  ،
یەک هەنگاو  ، پالیپێوەنێ
کاتێ
( مەچەک)
دەیویست نەفرەت
لە هەڵوێستی ئەم خەڵکە کا  ،
تف    لە خۆی کا   ،
مناڵێ   هات
دەسماڵێکی بۆ راخست و
دینارێکی لە بۆ دانا
پلووسکی چاوانی ( مەچەک)
لەگەڵ حەسرەتا تێکەڵ بوو

" خۆزیا   ، سەد خۆزیا   ،   دەستەکەم
... هەر ئەو رۆژە
لە داستانەکەی  ( داربەروو)
(رووحم ) لەگەڵ تۆ  دەردەچوو."

( داربەروو)  گوندێکە لە نزیک شاری کۆیە.